# مەزهەب و حكومەتی ئینسانی

## وەڵامی حەمید تقوایی بە چەند پرسیارێك لە گفتوگۆیەكی ڕاستەوخۆ و كراوەدا



**وەرگێڕانی لە فارسیەوە : كاروان نەجمەدین**



**حمید تەقوایی**

**كاروان نەجمەدین**

**یەكەمین پرسیار ئەوەیە دوای ئەوەی ئێوە بە دەسەڵات گەیشتن لەگەڵ مەزهەب چی دەكەن ؟ ، چونكە هەنێك هەن كە نوێژ دەكەن و زۆر ێك پێش جمهوری ئیسلامی حیجابیان هەبوە لەگەڵ ئەوانە چی دەكەن ؟**

**حەمید تەقوایی :** **ببینن سیاسەتی ئێمە لە بەرانبەر مەزهەبدا تەواوەن ڕۆشنە ، یەكەمین كار كە ئێمە ئەیكەین ئەوەیە كە دەستی مەزهەب لە ژیانی كۆمەڵایەتی خەڵك كۆتا ئەكەین ، لە یاسا ، لە پەروەردە و فیركردن ، لە حكومەت و هەتا لە مجلیسی میوانی و ئاهەنگی هاوسەرگیری ، لە مەراسمی پرسە و لەدایك بون و زەواج و تەڵاق ، لە هەموو ئەو كارانە دەستیوەردانی مەزهەب و بەلاشخۆری ئاخوندی كۆئەكەینەوە ، بەڵام بەناونیشانی بیروباوەڕی تایبەتی مەزهەب ئازادە ، خەڵك ئازادن باوەڕیان بەهەر مەزهەبێك هەبێت ، یان هیچ مەزهەبێكیان نەبێت ، ئێمە مەزهەبی ڕەسمیمان نیە ، مەزهەبی ڕسمیمان نیە چونكە ئازادی مەزهەبمان هەیە ، لە تەواوی ئەو وڵاتانەی كە مەزهەبی ڕەسمی هەیە مەزهەبەكانی دیكە مافیان پێشێلكراوە ، ئەگەر مەزهەبی ڕسمی من شیعە بێت هەتا سونیەكان مافی ئازادی مەزهەبیان نیە تا ئەگات بە یەهودی و مەسیحی و بەهائی ، لەبەر ئەوە ئێمە مەزهەبی ڕەسمیمان نیە ، ئازادیی مەزهەبمان هەیەو ئازادیی بیٚ مەزهەبی ، كە ئەمەی دوایی زۆر گرنگە ، چونكە هیچكات مەزهەب مەحدودیەتی نەبووە ، هەمیشە قسەیان وتراوە ، ئەو كەسەی كە زمانی بڕدراوە ئاتەئیستەكان بون ، كەسێك بوە كە كاریكاتێری محمد ی كێشاوە یان لەگەڵ پیرۆزیەكانی مەزهەب ڕوبەڕو بونەتەوە ، هەركەس ئەبێت ئازاد بێت لایەنگر یان دژی هەر مەزهەبێك هەرچی ئەوێت بە هەر شێوەیەك دەری ببڕێت ، من ئەمەوێت كاریكاتێری محمد یان هەر پیرۆزێكی تر بكێشم ، هەروەها تۆ بڕۆ كاریكاتێری كەسێك بكێشە كە من خۆشم ئەوێت ، من ئەمەوێت یەك كتێبی ئایەتی شەیتانی بنوسم ، تۆ بڕۆ كتێبی ئایەتی زەمینی بنوسە ، من ئەمەوێت فلیمێك بەهەم بێنم هەمانشێوە كە لێرە لە وڵاتانی ڕۆژ ئاوا بەرهەمی دەهێنن فلیمێك تەنز ئامێزی بە مەسیح ئەكات ( ئەگەرچی لێرەش ناچاریانكردن كە ناوی فلیمەكە بگۆڕن ، بەڵام لە كۆمەڵگەی خوازراوی ئێمەدا ناچار بەوەش نین ) ، تۆ بڕۆ فلیم بەرهەم بێنە و تەنز لە هەركەسێك بدە كە ئەتەوێت ، ئەبێت مەزهەب بخرێتە چوارچێوەی تایبەتیەوە چونكە مەزهەب بە شێوەی واقعی لە كۆمەڵگاكانی ئەمڕۆ و تەواوی كۆمەڵگای چینایەتی بیروباوەڕی تایبەتی نەبووە و نیە .**

خاڵی یەکەم : بروباوەڕ ویراسی نیە بەڵام مەزهەب بە ویراسی ئەگات ، ئەگەر دایکو باوکی تۆ لیبراڵ بن تۆ بە لیبراڵی نایتە دنیاوە ، گەورە ئەبیت و خەتی سیاسیت هەڵئەبژێریت ، ئەگەر دایکو باوکی تۆ لایەنگری وەرزشی تێنس بن تۆ بە لایەنگریی وەرزشی تێنس لەدایك نابیت ، بەڵام ئەگەر دایك و باوکت مسوڵمان بن تۆ مسوڵمانی ، یەهودی بن تۆ یەهودیت ، بەو شێوەیە نیە کە خەڵك بو بە ١٨ ساڵ بچێت بۆ کتێبخانەو قورئان و ئینجیل و تەورات و ئاڤێستا و هەر دینێکی تر بخوێنێتەوە و دواتر مەزهەبێك هەڵبژێرێت ، کەسێك بە مەزهەبەکەی ڕازی نەبوە ، ئەوەیان بە میرات پێگەیشتوە .

لەبەر ئەوە بەو واتایە مەزهەب بیروباوەڕێکی تایبەتی نیە ، مەزهەب هەر لەسەرەتاوە بەسەر منداڵدا ئەسەپێت ، ئەبێتە بەشێك لە شێوە ژیانی خەڵك و لەگەڵیان گەورە ئەبێت و کەسێك کە لە کۆمەڵگایەکی ئیسلامیدا گەورەئەبێت بەپێی هەڵسەنگاندن مسوڵمانە و لە ئیسلامدا کەگەر بتانەوێت واز لە مەزهەبەکەتان بێنن خوێنتان حەڵاڵە ، ناتوانیت واز لە ئیسلام بهێنیت ، ئەتان کوژن ، لە مەزهەبی یەهودیدا کە تا ئاستێکی زۆر خوێنیی و قەومیە و مەزهەبی یەهودی و نەتەوەی یەهود کراوەتە یەك جەستەوە بەیەکەوە هەڵپیکراون ، بەڵام ئەگەر هەتا وازهێنان لە مەزهەب ئازاد بێت مەزهەب ئەبێتە وەرەسە ، هەڵنابژێردرێت ، مەزهەب هیچکات بیروباوەڕ نەبوە ، مەزهەب هەمیشە چەکێك بوە سەپێنەر بۆئەوەی هەڵاواردن و بێچارەیی و جەهەنەمی ئەو دونیایان ئاراستە بکات ،

خاڵی دووەم ئەوەی کە مەزهەب یەك شێوە کار و یەك پیشەی پڕ دەرامەت بوە و هەیە ، ڤاتیکان گەورەترین سەرمایەدای ئەوروپایە ، هەروەها ئیسلام کەلای هەموتان زانراوە کە لە ئێراندا چ کارێك دەکات ، بە دۆلار و یۆرۆ ماڵتی ملیاردێرن ، واتای دوەمی ئێمە بۆ سڕینەوەی مەزهەب لە کۆمەڵگادا بەرگرتنە بە مەزهەب وەك پیشەیەك ، ئەوە مەمنوع ناکەین کە سەرەنجام کەسێك ئەیەوێت نەزر و سەرفترە و زەکاتی بداتە ئاخوندێکی لاکۆڵان، بڕوات بیدات بەڵام ئەبێت نوسینگەکەیان کراوە بێت ، بەلاشخۆری مەمنوعە ، باجیان ئەخرێتەسەر ،ئەوانەی تا ئەوکات لەخەڵکیان سەندوە ئەیگێڕینەوە بۆ خەڵك، تەواوی زەوی و ماڵ و موڵکی کە چ لەم سەردەمەو چ لەسەردەمی شادا کۆیانکردۆتە لێیان وەردەگیرێت ، بچن بەپێی سونەتەکانی خۆیان سەرفترە و زەکات و هەقی ئیمامەکانیان بدەن ، بەڵام شێوە و کاری مەزهەب ئەبێت محدود و یاسایی و تەواوەن ئاشکرا و کونترۆڵکراو بێت .

وەسەرەنجام بەجێگەیاندنی ڕێوڕەسمی مەزهەبی تا ئەو جێگەیەی زەرەر لە مافی کەسانی دیکە نەدات ئازادە ، لە کۆمەڵگادا مەزهەب ئازادە هەرکەسێك نەك تەنیا ئەتوانێت بەهەر مەزهەبێك باوەڕداربێت ، بەڵکو ئەتوانێت کار بە سونەت و ئاینی خۆشی بکات ، ئەتوانێت نوێژ بکات ، بچێت بۆ حەج ، هەتا ئەتوانێت ڕێوەڕسمی عاشوراشی هەبێت بەڵام بەو مەرجەی قەمە نەوەشێنێت ، نەك لەبەر ئەوەی قەمە وەشاندن ئیسلامیە ، بەڵکو لەبەر ئەوەی دژی ئینسانیە ، وەحشەتناکە و لەبەر ئەوەش پێشی پێ ئەگرین ، سەپاندنی مەزهەب بەسەر منداڵاندا مەمنوعە ، منداڵان مەزهەبیان نیە ، حیجاب لەسەرکردنی کچی ٩ساڵ مەمنوعە ، لێگەڕێ با ببێت بە ١٨ ساڵ ، ئەگەر حەزی لێبو ئەیکات ، شایەت گا پەرست دەرچێت ، ناتوانیت بیسەپێنیت بەسەریدا ، ئێمە کۆشش ئەکەین مەزهەب بکەینە کارێکی تایبەتی و وەك یەك بیرو باوەڕ بە سێ ساڵ کاری کلتوری تەواوی دەکەین ، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی مەزهەب لە مەنتقی بونیەوە نیە ، هەر کەسێك دوو تا چوار بزانێت ئەفامێت کە لە چاڵێکدا کەسێك ناتوانێت ٥٠٠ ساڵ بژی ، یان ڕۆژێکی زیندوبونەوە هەیە کە بەسەر پردێکدا تێپەڕیت کە وەك مو باریکە و وەك شمشێر تیژە ، ئەمە بە منداڵێکی ٦ ساڵ بڵێ پێتان پێدەکەنێت ، دەسەڵاتی مەزهەب لەمەدا نیە ، دەسەڵاتی مەزهەب لە هەمان پیشەگەری و لەوێدایە کە لەسەرەوە بانگەشە دەکرێت و وەك مارکس دەڵێت ڕۆحی دنیای بێڕۆحی ئێمەیە ، کۆمەڵگایەك کە ئینسانی نیە پێویستی بە مادەی هۆشبەرە و مەزهەب هەرزانترین و

ناسراوترین مادەی هۆشبەری ئەو دنیایەیە ، لەو کۆمەڵگایەدا ئینسانیەت دەستەبەر نابێت ، هەژاری و بەدبەختی ئەبینیت ، دنیایەکی تر ئەسازێنن و دنیای نمونەیی ئینسان ئەنێرنە ئاسمان و ئەڵێن دوای مەرگ ئەچیت بۆ ئەویٚ ،نیگەرانی ئەمدنیا مەبە ئێرە کە دنیای تێپەڕیوە و تەنیا ٧٠ ساڵە دوای ئەڕۆیت بۆ ئاسمان و ٧٠٠ ملیۆن ساڵ ئەژیت .

لەبەر ئەوە ڕیشەی مەزهەب لەسەر بنچینەی بێبەشی و هەژاری و وەبەرهێنانە و ئەوانە مەزهەب به زیندویی پیشان دەدەن و ئەو چینانەی کە ئەو هەژاری و وەبەرهانانە ئەخوازن و سودی لیٚ ئەکەن ئەیپارێزن و گەورەی ئەکەن ، لە خوێندنگاکانیاندا دوبارە وەك دەرس ئەیلێنەوە ، تا ڕوداوێك دێتە پێشەوە کە پاپا ئەخەنە سەیارەیەکی گەورەی شوشەوە و بەدەوری ئەوروپای خۆرهەلات و خۆرئاوادا ئەیگێڕن ، لە ئەمریکای لاتین ئەیگێڕن ، بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی زانستیی ئەکاتەوە ، لەبەر ئەوەی پارە لەوەدایە ، بەرژەوەندی هاوبەشی چینێك پێویستیەتی ، لەپێچەوانەی ئەم حاڵەتەدا کۆیلەداری هەڵپێچرا ، مەزهەبیش دەیتوانی هەڵپێچرێت سەرمایەداری پێویستی بە کۆیلەداری نیە ، کرێکارێکی بەکرێی ئەوێت کە بە ڕواڵەت ئازادبێت و وەکو کۆیلەش کار بکات و ئەوەشی دروستکردووە ، بەڵام پێویستی بە مەزهەبە ، گەورەکانی شۆڕشی گەورەی فەڕەنسا ئاتەئیست بوون ، نێیەت باشەکانیان بیریانکردەوە بەڕاستی ئەیانویست مەزهەب کۆبکەنەوە ، بەڵام کۆمۆنەی پاریس ڕویدا و بینیان نا نابێت ،مەجبور بون مەزهەب بگێڕنەوە و گێڕایانەوە .

ئەوەی کە ئێمە ئەیڵێین مەزهەب وەلانێین بناغەکەی ئەوە نیە کە تەنیا تەبلیغ و تەرویج بکەین ، ئەوە بەشێکی بنەڕەتیە ، ئەوەی کە زمانیان بڕیوین و ئازادیمان نیەو ئێستا ئازادی بەدەست دێنین و مەزهەب بەناونیشانی یەك بیروباوەڕی تایبەتی ئەبینین و بەم پێیە لەجێگەی خۆیدا ئەچینە جەنگیەوە ، بەڵام بنەمای تێکۆشانی ئێمە دژی مەزهەب ئەوەیە کە پایە واقعیەکانی لەبەین بەرین ، وەك مارکس دەڵێت مەزهەب گوڵێکە کەبە زنجیرەوە ڕواوە ، ئەگە ر ئەتەوێت لەناوی ببەیت زنجیرەکە بپسێنە ، گوڵکە لێبکەیتەوە دووبارە دەردێتەوە ، ئەو دنیای توندوتیژ و نائینسانی و قبوڵنەکراوەی کە مەزهەب بەسەر زۆرینەی خەڵکی هەژار و بێچارەد ئەیسەپێنێت ، ئەو هەژاری و بەدبەختیە لەناوبەرن ، مەزهەب ئیتر جێگایەکی نیە وەك تەشویشێك لەناو ئەچێت ، وەك کرمێکی زەلکاو ، زەلکاوەکە وشك بکەیت کرمەکەش لەناوئەچێت .

ئەمە بنەمای جوڵەی ئێمەیە بەرانبەر مەزهەب و لە هەمانکاتدا وەك کارێکی تایبەت محدودمانکرد و بەناونیشانی بیروباوەڕێك ئاسان ئەتوانین ڕەخنەی لێبگرین و ڕەتی بکەینەوە ، چونکە هەمان شێوە کە وتم دەسەڵاتی مەزهەب لە مەنقی بونیەوە نیە .دەسەڵاتی لەوانەدایە کە وتم و ئەبێت ئەوانە بسڕینەوە .

**پرسایر : مەزهەبیەکان کام ئازادیانەیان هەیە ؟**

**حمید تەقوایی** : ئازادن تا کاتێك ئارامی خەڵکانی تر نەشێوێنن ، هەقیان نەیە ٥ی بەیانی لە بڵنگۆی گەڕەکەوە بانگ بدەن ، بچن لە ژورەکانتانا بانگەکەتان بدەن و نوێژەکەتان بکەن ، ویستت بچی بۆ حەج برۆ ، ئەتانەوێت عاشورا بەڕێبخەن بەڕێی بخەن ،بەڵام مافتان مەڕ بەوشێوە جەزرەبەیە بکوژن ، کارم بەوە نیە قورئان وتویەتی یان کەسێکە دیکە ، هندەکانیش دەڵێن نابێت گا بکوژیت ، هەرکەسە شتێك ئەڵێت ، ئێمە کارمان بەوە نیە ئێمە مافی ئاژەڵان ئەپارێزین ،ئێوە نابێت ئازاری ئاژەڵ بدەن ، لەبەر ئەوەی ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر کەسێك وتویەتی مریشك نیوە مردو بکەیت پاشان پەلەقاژە بکات تا ئەمرێت ،ئەوە مەمنوعە ، جا چجای مافی منداڵ و ئینسان ، لە هەرشوێنێك مەزهەب بەشێوەیەك دەستێوەردانی کرد لە مافی مرۆڤدا کە مافی مرۆڤ پێشێلبکات مەمنوعە ، نەك لەبەر ئەوەی مەزهەبە ، ڕەنکە تۆ ناسیۆنالیست بیت و بڵێیت مەرامی من وادەڵێت کە هەرکەس ئاگری بەردایە

ئالایەکی سێ ڕەنگ ئەبێت لە پەناگوێی بدرێت ، پێش بە تۆش ئەگرین ، ناسیۆنالستبە بەڵام ناتوانیت دەستدرێژی بکەیت و مافی ئەوانی دیکە بەرتەسك بکەیتەوە ، گا پەرستیت ؟ محمد پەرستیت ؟ بودا پەرستیت ؟ مەسیح پەرستیت ؟ ببە ، هەرکەس هەیت کارەکەت بکە ، ئازادیت کتێب بنوسیت ، ئازادیت بۆنەت هەبێت ( هەمان شێوە کە وتم بەبێ ئەوەی کە بیتە مایەی عەزێتکردنی خەڵکانی دیکە) ، ئازادیت حیجاب بپۆشیت ، بەناونیسانی بیروباوەڕ بەحس بکەیت ، کتیب بنوسن و جوابتان ئەدەینەوە ، مونازەرە ساز ئەدەین ، گفتوگۆ ئەکەین ، کاری کلتوری ئەکەین ، کاری زانستی ئەکەین ، ئەوە ئازادە لەکۆمەڵگادا ، ئەمەوێت بڵم هەتا ئەو مەزهەبیانەی کە نیگەرانن ئەبێت خوازیاری کومەڵگای سۆسیالستی بن چونکە ئەو کۆمەڵگایەیە کە بەشێوەیەکی واقعی ئازادی مەزهەب تێیدا جێبەجی ئەبێت ، چونکە کۆمەڵگای ئێمە مەزهەبی ڕسمی نیە ،بەپێچەوانەی ئەمەوە ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە ئەگەر بییەوێت ڕەچاوی مەزهەبی ڕەسمی بکات ئەوا واتا مەزهەبەکانی دیکە بێ مافن .

**پرسیار : لەم ماوەیەدا باسێك هەیە لە سوید ، کەسانێك کە حیجابن بە ئاشکرا ئەڕۆنەدەرەوە و هەتا کەسێك هەیە کە دەیەوێت لە ڕەوزەیەکی منداڵان ئیش بکات ئەڵێت من ئەم حیجابەم هەیە و لەم وڵاتە مەزهەب ئازادە و من ئەمەوێت لەم خوێندنگایە بە هەزهەب و بە حیجابی خۆمەوە ئیش بکەم ، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئەڵێت من باشترین حیزبم و باشترین ئەڵتەرناتیڤم هەیە و هەموکەس ئەتوانێت مەزهەبی خۆی پیادە بکات ، ئایا ئێوە ڕێگە ئەدەن کە کەسێك بە ئاشکرا بە حیجابەوە لەسەر جادەکان بڕوات و لە فەرمانگەی دەوڵەتی و خوێندنگادا ئیش بکات ؟ ئەو ئازادیە لە حیزبی ئێوەدا هەیە ؟ ئەگەر بە دەسەڵات گەیشتن لە سبەینێی کۆمەڵگەی ئێراندا مۆڵەتی ئەو کارە بەو دەدەن ؟ من وەڵامێکی کورت بە پرسیارەکەی خۆم دەدەمەوە ، بە بۆچونی من ئەگەر ئەو مۆڵەتەی بدەن ئەوە پێشێلکردنی کەسایەتی منە ، لەبەر ئەوەی ئەو کەسە لە کۆمەڵگادا بۆچونی باوەڕی خۆی ئاشکرا دەکات و بەو کارەی هەر ساتەو ئازادی من کەم و محدود دەکاتەوە .**

حمید تەقوایی : ئێوە چەند خاڵێکتان گوت کە بە بڕوای من جیاوازن

مەزهەب لە دامەزارەوەی دەوڵەتیدا مەمنوعە ، وە هەر جۆرە ڕوکەشێکی مەزهەبی لە خوێندنگا و فەرمانگەکاندا مەمنوعە ،

لە خوێندنگادا نە ئەبێت اللە و ئەکبەر بکرێت و نە ئەستێرەی داود و نە سەلیب ، لە دەوائیر و خوێندنگادا ڕێوڕەسم و بانگەشەی مەزهەبی مەمنوعە ، نابێت مامۆستا بەجلی مەزهەبی ئیسلامی و مەسیحی و بودایی و ئەوانی ترەوە بچێت بۆ خوێندنگا ، جیایی دین لە پەروەردە و فێرکردن تەنیا ئەوە نیە کە لە کتێبەکاندا دەرسی دینی نەڵێینەوە ، بەڵکو بەو واتایەی کە جلوبەرگەکان و و نیشانەکان و ڕێوڕسمی مەزهەبی لە خوێندنگاکاندا مەمنوعە و هەروەها لە دامازراوەی دەوڵەتییش، سکۆلاریسم واتا ئەوە ، کەسێك ئەیەوێت لە شەقامەکان بە حیجابەوە بڕوات ئازادە ، ئەیەوێت پرسەگێریی عاشورا بکات ئازادە ، ئەوە ئەبێتە ئازادی بێقەیدو شەرتی بەیان ،کەسێك ئەیەوێت لە شەقامەکان بڕوا بە ڕێدا و بگری ،هیچ کەس زەرەر ناکات ، ئەوە پرسیارێك بوو کە لەکۆبونەوەیەکی حزبی لێیانکردم ، وتیان مۆڵەتی عاشورا ئەدەن وتم بێگومان دەیدەین ، لەبەرانبەردا مۆڵەتی کەرنەڤاڵی شادیش دەدەین ، ئەمڕۆ عاشورا و سبەی کەرنەڤاڵی موزیك و یان کەرنەڤەڵی گەی و لەزبیەنە ، لە هەمان شەقام ، سەیربکەن خەڵك بۆ کەرنەڤاڵی شادی باشتر ئەچێت یان پرسە ، ئێمە ئەبێت بە سەلماندن مەزهەب لە کۆمەڵگادا کۆبکەینەوە ، ئەبێت کاربکەین کە بپوکێتەوە ،یاساییەن ڕاست نیە و هەتا بە قازانجی مەزهەب تەواو دەبێت ، ئەگەر بڵێیت کەتۆمافت نیە لە شەقام نمایش بکەیت ، بۆنمونە مۆڵەت نەدەیت بڕۆن بۆ حەج و مەمنوعە و خورافەیە ، باشە خورافەیە کە خورافەیە تۆ ئەو خورافەیە لە بیری مندا تێکبشکێنە ، بەڵام

ئەی ئازادی سەفەر چیلێهات ؟ ، ئازادی مەزهەب چیلێهات ؟ ، مەزهەب بەناونیشانی کارێکی تیبەتی ئازادە هەتا ئەگەر ئەو کارە تایبەتیە یانەیەك بێت ، سەیرکەن لە ئەمریکا ئەنجومونێك هەیە وابیر دەکەنەوە کە زەوی تەختە ، ئەچن بانگەشە ئەکەن ، ڕێپێوان ئەکەن ، پیکنیك ئەکەن ، کۆبونەوەی وتاردان ئەبەستن ، نازانم ئەندامەکانیان چەند نەفەرە بەڵام هەن ، بەشێکیش باوەڕیان وایە خودا هەیە ، ئەوانە لەو ئەنجومەنی زەمین تەختە زیاترن و بەڵام بیروباوەڕیان بە یەك ئاست خورافیە ، با بڕۆن ئیشی خۆیان بکەن و قسەی خۆشیان بکەن ، لەبەر ئەوەی من ئیسپاتی بکەم کە زەوی تەختنیە ئەنجومەنەکە قەدەغە ناکەم ، یەك وێنەیان پیشان ئەدەم کە لەڕێگەی سەتەلایتەوە گیرابێت دەڵم سەیرکە زەوی خڕە ، ( ئێمە لە پۆلی ١٢ لە خوێندنگا کتێبێکمان ئەخوێند بەشێکی ٥٠ لاپەڕەیی تێدابوو ئەوەی ڕون دەکردەوە کە بۆچی زەوی خڕە ،لەکتێبەکەدا هاتبوو کە کەشتی لە ئاسۆدا دەڕوات لەپێشدا بەیداخەکەی ئەبینرێت و ئۆقیانوس خڕەبێت و خۆر نیوەی دەرئەکەوێت و ئەوانە ، مامۆستاکەمان وتی ئەو بەشە تەرك بکەن من وێنەیەکم هەیە پیشانتان دەدەم ، زەوی خڕەو تەواو !)

من ئەمەوێت بڵێم هەرکەسێك چی ئەنجومەنێك دروستدەکاتو لەبارەی هەرچیەکەوە ئازادە ، تەنها مەزهەب نیە دەربارەی هەرشتێکی وەکو لایەنگرانی زەمین تەختە و یانەی خۆیانیان هەیە ، شیعەکان ، سونەکان ، یەهودیەکان ، هەڵبەت ئەزانم زۆر لەم قسانە قوڵتر و مێژوویی تر و بنەڕتی ترن ،بەڵام لەڕوی یاساییەوە کەئێمە تێی ئەڕوانین لەکۆمەڵگەی سۆسیالستیدا ئەبێت هەبێت ئەوانە هەمو مافی کۆبونەوە و ئەنجومەن و ڕێخراوەیی ئەیانگرێتەوە ، ئێوە لەبارەی هەرشتێکەوە ئەتوانیت ئەنجومەن دروست بکەن ، لە کومەڵگەکانی ئەوروپادا دەیان هەزار لەوانە هەیە ، هەندێك لەوانە ئەوەندە گاڵتە ئامێزن کە پێکەنینتان پێی دێت بەڵام دروستیانکردووە ، لەدەوری یەك کۆدەبنەوە و نانی ئێوارە بەیەك دەدەن و سەیران ساز ئەکەن و لە شەقامەکاندا خۆپیشاندان ئەکەن ، ئەگەر بابەتێکی کۆمەڵایەتی و واقعیش بێت هەزاران کەسیان لێ کۆدەبێتەوە ، وەکو دژی ستەم بەرانبەر ژنان ، شکستی عەولەمە ،بزوتنەوەی ژینگە کە لە ئەمریکا و کەنەدا و هەم لە ئەوروپاش هەیە و خۆپیشاندان ئەکەن ، مافی هاو ڕەگەزبازان لەو ڕۆژانەدا باشترین ئالآیا بەرز ئەکەنەوە چونکە مافی هاوڕەگەز بازان لە ئەمریکای شیمالی مەسەلەیەکی گەرمە ، ئەگەر مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی نەبوایە وەکو ئەنجومەنەکانی زەوی تەختیان لێدەهات ، ئێستا بزوتنەوەی مەزهەبی وەکو ئەو پارێزەرانەی ژینگەی لێهاتووە و ئەمانەوێت کار بکەین کە وەك ئەنجومەنەکانی زەوی تەختەیان لێبێت ، لەبەر ئەوەی بتوانین ئەو کارە بکەین ئەبێت بڵێین ئازادید ، ئەگەر ئەوان بکەینەژ ێرزەمینی وەك نمونەیەك کە هاوڕێیەك وتی کاتێك شورەوی شکستی خوارد مەزهەب لەهەموو کونو کەلەبەرێکەوەهاتە دەرێ و یەکێك لە مەزهەبیترین وڵاتەکان وڵاتەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتن ، لەبەر ئەوەی ناکرێت شتێك کە لە زهنی ئینسانەکاندایە بەزۆر بیسرپتەوە ، ئەبێت کۆشش بکەین مەزهەب ببێتە بیروباوەڕێکی تایبەتی ، وەختێك گۆڕا بە بیروباوەڕی تایبەتی نابێت بە یاسا بچیتە سۆراخی چونکە پێچەوانەکەی لێدەکەوێتەوە ، ئەبێت بە مەتق ، بە بە وریایی و بە تیشکی زانست بچیتە سۆراخی .

ئەمە شێوەی مامەڵی ئێمەیە لەگەڵ مەزهەب .

*** تێبینی وەرگێر: دەقی فارسی ئەم گفتوگۆیە لە ژمارە ٤٤٩ ی ٦-٣-٢٠١٠ی هەفتەنامەی لاوانی کۆمۆنیست ( جوانان کومونیست )وەرگیراوە**